فوئاد حسێن بە عەراقچی: پێویستە لیژنەی پەیوەندی وەزاری کارا بکرێت کە عێراق پێشنیاری کردوە

ئەمڕۆ یەکشەممە "فوئاد حسێن"جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە لەگەڵ "عەباس عەراقچی" هاوتا ئێرانییەکەی جەختی لە گرنگی چالاککردنی لیژنەی پەیوەندی وەزاری کردەوە،کە لەلایەن عێراقەوە پێشنیار کراوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی،بۆ ئامانجی کۆنتڕۆڵکردنی قەیرانەکان و کردنەوەی کەناڵی گفتوگۆ.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا کە موتەڵع بەدواداچوونی بۆ کردووە ،تیایدا هاتووە : "فوئاد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە لە پەراوێزی بەشداریکردنیان لە 51 ە مین خولی کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وەڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی هاوکاری ئیسلامی لەگەڵ "عەباس عەراقچی" وەزیری دەرەوەی ئێران کۆبوویەوە.

وەک ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەی پێداوە : ئەم دیدارە دووەمین کۆبوونەوەی نێوان هەردوو وەزیرە لەوەتەی پەرەسەندنی ناکۆکییەکان زیادی کردوە، تیایدا : دوایین پێشهاتە ئەمنییەکانی ناوچەکە و هێرشە سەربازییەکەی ئەم دواییەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا،بۆ سەر شوێنە سەرەکییە ئەتۆمییەکانی ئێران گفتوگۆی لەسەر کرا.

لە درێژەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە :"عەباس عراقچی "پێشەکییەکی وردی سەبارەت بە کاردانەوەی ئەو

هەرشانە پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە ئێران لە بەرامبەردا چەند هەنگاوێک دەنێت.

ڕوونیشیکردەوە : ئێران بەرەو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەڕوات بە ئەنجامدانی دانیشتنێکی بەپەلە لەسەر بانگهێشتی ڕووسیا.

هاوکات "فوئاد حسەن" جەختی لە گرنگی کاراکردنی لیژنەی پەیوەندیی وەزاری کردەوە، کە عێراق لە چوارچێوەی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی پێشنیاری کردووە، بە ئامانجی کۆنتڕۆڵکردنی دۆخەکە و کردنەوەی کەناڵەکانی دیالۆگ، کە هاوکار دەبێت بە گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیانە و ڕزگارکردنی ناوچەکە لە پەرەسەندنی زیاتر.